# سالْ هاتو سالْ رۆشت*

دەشتی سەباح



سالْ هاتو سالْ رۆشت ... خۆشەویستی نەهات

سالْ هاتو سالْ رۆشت ... خۆشنودی نەهات

سالْ هاتو رۆشت، هەموومان رۆشتین‌و

کەسیشمان نەگەڕاینەوە

تێگەیشتم من چەند گەمژەم

خەیاڵاتی سەیر سەیرم دێتە پێش

* * *

کە منداڵ بووم

تاکە ئارەزووم ئەوە بوو

لەسەر رۆژمێرەکان

خەت بەسەر رۆژەکاندا بهێنم

بەڵام ئێستاکە

دەمەوێت هەموو ساڵێک

خەت بەسەر رۆژمێرەکان‌و

هەتا ساڵەکانیشدا بهێنم

* * *

لەبیرمە پارسالْ

چ ئومێدێکم هەبوو بۆ ژیان‌و ئاینده

ئەمساڵی نوێش

چ ژیان‌و ئایندەیەکم هەیە بۆ نائومێدی

* * *

بمبورە لەوەی

کە وەڵامم نەدایتەوە

نووسیبووت "جەژنی سەری ساڵت پیرۆز"
بەس ئەوەندەم پێکرا
بەدیار ئێس ئێم ئێسەکەتەوە
ئارەق بڕێژم
*     *     *

زۆربەی تەمەنم
بەژماردنی سەعاتو ڕۆژو ساڵەکان بەسەر برد
ئێستاش
زۆربەی سەعاتو ڕۆژو ساڵەکان
بەژماردنی تەمەنم بەسەر دەبەم
*     *     *

بابانوئێڵەکان چەند درۆزنن
کە لەکریسمسدا  دیاری بەسەر منداڵان دەبەشنەوەو
پێیان دەڵێن
ئێوە چەند بەختەورن
*     *     *

ناتوانم هەرگیز
لەچەند وردە قسەیەکدا
حیکایەتی دڵشکانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە
چونکە 29 ساڵە بەدیار عومرێکەوە دەژیم
کە عومری خۆم نییە
*     *     *

کەساڵی نوێ داهات
نەمتوانی هیچ بکەم
تەنها بە تووڕەیی ڕۆژمێری ساڵی 2007م هەڵواسیو

**بەدڵشکانەوە**

**رۆژمێری ساڵی 2006م دڕاند**

***　　*　　***

**بەبۆنەی سەری ساڵەوە**

**برادەرەکانم روخسەتیان دام**

**کە سەیری دەفتەری یادگارییەکانیان بکەم**

**ئەوەی من بینیم**

**هەموو لاپەڕەکان بەقەڵەمی رەنگاورەنگ**

**نائومێدیان لێ دەڕژا**

***　　*　　***

**برادەرە نزیکەکانم**

**داوایان لێکردم لەشەوی سەری ساڵدا پێکەوە لەسەر مێزێکدا**

**تازەترین نوکتە بگێڕینەوەو تا درەنگانی شەو قاقا پێبکەنین**

**هیچم بۆ نەکرا**

**تەنها بەداوای لێبوردنەوە پێمگوتن**

**من لەوە زیاتر ناتوانم درۆ بکەم**

***　　*　　***

**دەمەوێ سەری ساڵ**

**زۆرتر لەرادەی پێویست ویسکیو بیرە بخۆمەوە**

**بۆ ئەوەی زۆرتر لەرادەی پێویست بەسەر**

**شارو**

**شەقامو**

**کۆڵانەکانی منداڵیم**

**بڕشێمەوە**

***　　*　　***

دوای ئەوەی ساڵێکی دیکە لەتەمەنی من دەڕوات
هیچ شتێک ناگۆڕێت
چاوی برادەرەکانم پریەتی لەخۆزگە
دڵم دەسوتێ بۆ ئەو کچەی
کە شەوانە بە SMS قسە دەکەین
ئەی خودایە من چەند بەدبەختم
لەوە زیاتر بەرگەی قسەی کەستان ناگرم
چونکە خۆیشم بەشێکم لەو بەدبەختییە
* * *
من قسەی خۆشم لا نییە بۆ ئەوەی فرێوتان بدەم
من هیچ نوکتەیەکی تازەم لا نییە بۆ ئەوەی واتان لێبکەم پێبکەنن
سەری ساڵەو بزانن
ساڵێکی دیکەش
لەتەمەنی ئێوە ڕۆیشت

⋆ بەشێکی دیکە لەنووسینەوەی وردە قسەکان

dashtiabdulla@hotmail.com
هەولێر – 2006/12/26